## هەندرێن محەمەد بۆ ( ):

# شێوازی دەنگدانی ئەمجارە، بواری هەڵەکردنی زۆری تێدایە

**ئاشکرایە کەلە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٣/٧ هەڵبژاردنی گشتی لەسەرانسەری عێراق بەڕێوە دەچێت،کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئامادەکاری تەواوی بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی هەڵبژاردنی ئەم جارە شێوازێکی نوێیە بۆ سەرجەم عێراقیەکانەوە کەبە لیستی کراوەی سنوردار و فرەبازنەیی بەرێوەدەچێت بۆیە ترسی ئەنجامدانی هەڵە لەکاتی دەنگدان لەلایەن هاووڵاتییانەوە لە ئارادایەو کۆمیسیۆنی باڵاش درکی بەم ڕاستییە کردووە،هەربۆیە لە یەکەم ڕۆژی هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە،چەند وۆرک شۆپێکی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سازداوەو داوای لێکردوون هاوکاریانبن بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر شێوازی دەنگدان،لەدەرفەتێکدا گۆڤاری هەرێمی کوردستان چەند پرسیارێکی لەم بارەیەوە لە هەندرین محەمەد ساڵح بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد.**

**دیانە/عەمار نەجمەدین**



*** دەگوترێت شێوازی دەنگدانی ئەمجارە بەنیسبەت هاوڵاتیانەوە قورسە،بۆچی؟**

– لەبەر ئەوەی بواری هەڵەکردنی زۆری تێدایە لەلایەن هاووڵاتییانەوە بۆ هەڵبژاردنی کاندید یاخود لیستی خۆی لەسەر کارتەکە،چونکە وەک دەزانرێت شێوازی ئەمجارەی هەڵبژاردن شێوازیکی نوێ و جیاوازە،دەنگدەر کارتێکی دەنگدانی لەبەردەستدایە کە پێکدێت لە دوو ستوون لە ستونێکدا ناوی قەوارە سیاسیەکان و ژمارەی لیستەکەی لەسەرە و لەتەنیشت ئەمەداو لە ستونەکەی دیکە تەنها ژمارەی کاندیدەکەی لەسەرە، ترسی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە دەنگدەر تەنها نیشانەی ڕاست لە ژمارەی کاندیدەکە بدات و ئەو نیشانە لە قەوارە سیاسیەکە نەدات،واتە قەوارە سیاسیەکە دیاری نەکات، ئا لێرەدا دەنگەکە دەسوتێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەری دیکە هەیە بۆ سوتانی دەنگەکان ئەویش کاتێک دەنگدەرێک دەنگ بە دوو قەوارەی سیاسی بدات لەیەک کاتدا، یان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە ئارەزووی خۆی نیشانە لێبدات، شێوازی دروستی دەنگدان ئەوەیە کە پێویستە دەنگدەر یەکەم شت بزانێت کە دەیەوێت دەنگ بە چ قەوارەیەکی سیاسی بدات، بۆیە یەکەم جار دەبێت نیشانەی راست لە چوار گۆشەی قەوارە سیاسیەکە بدات، دوای ئەوە ئەگەر ویستی دەنگ بە کاندیدێکی دیاریکراو بدات بۆ نموونە ئەوەی نزیکە لە ئەو یان ئارەزویەتی دەنگی پێبدات،ئەوا پێویستە ژمارەی ئەو کاندیدە بزانێت، چونکە ناوی کاندیدەکان لەسەر کارتی دەنگدانەکە نیە بەڵکو تەنها ژمارەکانی لەسەرە، بەکورتی هەموو دەنگدەرێک بۆی هەیە دوو نیشانە لە کارتەکە بدات یەکەمیان لە چوارگۆشەی تەنیشت قەوارە سیاسیەکە،وە دووەمیان لەژمارەی کاندیدی ئەو قەوارەیە.بۆ نموونە یەکەمجار لیستی (ج)دەستنیشان ئەکات دواتر کاندیدی ژمارە (١٢)هەڵئەبژیرێت، ئەمە شێوازە دروستەکەیە، بەڵام ئەگەر دەنگدەر نەزانێت ژمارەی کاندیدەکە چەندە ئەوا ناتوانێت دەنگی پێبدات، چونکە وەک وتم ناوی کاندیدەکان لەسەر کارتەکە نییەو تەنها ژمارەی کاندیدەکانی لەسەرە.

*** ئەی ئەگەر نیشانەی راستی لە بەردەم دوو کاندید دانا لەیەک کاتدا ئایا ئەو کاتە چی دەبێت؟**

– ئەگەر نیشانەی راستی لەبەرامبەر دوو کاندید دانا ئەوا ئەوکاتە دەنگەکەی بۆ هەموو لیستەکە ئەژمار دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر پێشتر لیستەکەی دیاری کردبێت، واتە دەنگەکەی ناسوتێ، بەڵام هەر هاووڵاتییەک بۆی هەیە یەک کاندید هەڵبژێرێت،ئەگەر لەوە زیاتری هەڵبژارد ئەوە دەنگەکەی ناسوتێ وەک ئەوەی دەوترێت، بەڵکو دەچێت بۆ هەموو کاندیدەکانی لیستەکە.

*** چۆن؟**

– بۆ نمونە ئێمە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر (٢٨) کاندیدمان هەیە، ئەگەر سەد هەزار کەس دەنگی دا بە لیستێکی دیاری کراو ئەوا لە کۆتاییدا ئەو سەد هەزار دەنگە دابەش دەکرێت بەسەر ئەو (٢٨)کاندیدە زائیدەن ئەو دەنگانەی کە هەر کاندیدەو خۆی هێناویەتی.

*** کۆمیسیۆن چی کردووە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە هاوولاتیان لەوردەکارییەکانی ئەم زانیارییانە ئاگادار بکاتەوە؟**

– ئێمە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارمان بۆ قوتابیانی زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مامۆستایانی ئایینی ئەنجامداوەو داوامان لێکردوون کە ئەوان بەپێی توانای خۆیان هاوکارمان بن لەهۆشیارکردنەوەی خەڵکی و پێدانی زانیاری لەسەر شێوازی بەشداریکردن لەهەڵبژاردن و دەنگدان، بیگومان ئەمە دوای ئەوەی کە شێوازەکە بۆ ئەوان ڕوونکراوەتەوەو تێگەیەنراون، دواتر ئێمە چەندین پۆستەرو بڵاوکراوەمان لەم بوارەدا دەرکردوە،و هەوڵی تەواویش ئەدەین ئەو دوو ڕۆژەی پێش هەڵبژاردن کە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن دەوەستێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەرژەوەندی بەخشینی زانیاری بۆ هاوولاتیان بن لەبارەی چۆنییەتی دەنگدان بەکار بهێنین و زیاتر ڕوونی بکەینەوە.

*** لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر کێشەیەک هەبوو ئەویش نەگەڕانەوەی ناوی ژمارەیەک لە هاوولاتیانی دەنگدەر بوو،ئەم جارە چی کراوە بۆ ئەوەی هەمان کێشە دووبارە نەبێتەوە؟**

– ئەم جارە کاری زۆر کراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یەکەم بەشی زۆری خەڵکی ئەو کات بنکەکانی خۆیان نەدەزانی ، بەڵام ئێستا دەیزانن، چونکە کارتی زانیاریمان دابەشکردووە،دواتر فلێکس هەڵدەواسرێت لەبەردەم بنکەکانی دەنگدان چەند ڕۆژێک بەر لە دەسپێکی هەڵبژاردن،کە زانیاری تەواویان تێدایە لەو بارەیەوە، هەروەها ئەم جارە کارمەندێک لە هەر بنکەیەک دادەمەزرێت کە ئەرکەکەی دۆزینەوەی ناوی ئەو هاولاتیانەیە کە ناویان نەهاتۆتەوە،هەرکەسێک ناوی نەبوو ئەوا ئەم کارمەندە پەیوندی ئەکات بە بەشی کۆمپیوتەرو ناوی ئەدۆزیتەوە کەلە چ بنکەیەکە، چوارەم ئێمە ئەم جارە بنکەکانی تایبەت بە جموجوڵی هاوولاتییانمان پێکهێناوە، کە ئەمەیان کارێکی نوێیە و هاوکارێکی باشە بۆ ئەوەی دەنگی کۆمەڵێکی دیکەی هاوولاتییان لەدەست نەچێت، بێگومان ئێمە پشتمان بە داتا بەیسەکانی کۆمپانیای خۆراک بەستووە بۆ هەڵبژاردنەکان،وە گومانی تێدا نیە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە تاوەکو ئیستا خەڵکێکی زۆر فۆرمی خۆراکی خۆیان گواستۆتەوە یان هاتوون لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر،بەڵام ئەم گۆرانکارییانە لە لیستەکانی ئێمەدا نییەو هەروەک خۆی وایە،بۆیە ئێمە ئەو بنکانەمان کردۆتەوە، و ئەو کەسانە دەتوانن بەدەنگدانی مەرجدار دەنگ بدەن، بۆ نموونە ئەگەر یەکێک لەبەغداوە فۆرمی خۆی گواستبیتەوە بۆ هەولێر،بەڵام لە لیستەکانی ئێمەدا ناوی نەبوو ، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە لێرە دەنگ بدات بەڵام بەشێوەی مەرجدار،وە دواتر هەر لەو بنکانە ناوی ئەو دەنگدەرە بەراورد دەکرێت لەگەڵ دوو داتا بەیس، یەکەمیان داتابەیسێک لە لیستی دەنگدەران بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە ئەم کەسە پێشتر دەنگی نەداوە لە شوێنێکی ترو ئێستا هاتبێتە ئێرە،پاش ئەوەی دڵنیا بوین کە لەوێ دەنگی نەداوە، ئەوا دەبێت لەداتا بەیسی کۆمپانیای خۆراکدا ناو و زانیاری هەبێت کە ئەو فۆرمەکەی گواستۆتەوە بۆ لای ئێمە، ئەگەر لەم دوو ڕێو شوێنە دەرچوو ئینجا دەنگەکەی هەژمار دەکرێت.

دەردەدڵ

# زمن العار!*



شێرزاد عەبدولڕەحمان

هەموو شتێک روو دەچێت و هەڵدەوەرێ. هەموو شتێک، تەنانەت هەتا جوانی و گوڵ، درەخت، هەموو رۆژێکیش، خۆرئاوا دەبێت، بەڵام لەهەموو هەڵوەرینە تاڵەکانی دیکە، هەڵوەرین ناخی مرۆڤە.

* «زمن العار!» ، ناوونیشانی ئەو زنجیرە درامایەیە کە لە هەفتەکانی رابردوو لە کەناڵی، MBC نیشاندرا، باس لەو زەمەنە رووڕەشە دەکات کە مرۆڤی ئەم سەردەمەی تێدادەژی و ئەم سەردەمەی بەسەردەمی دابلۆسینی بەها ئەخلاقییەکان وەسف کرد، کە مرۆڤ دووچاری گیرۆدەبوون و هەڵوەرین بۆتەوە مرۆڤ هەناسە ساردە بەرامبەر بەژیان و مانایەک بۆ خۆشەویستی نابینتەوە، کە مرۆڤ پەیوەست کات بە ژیان و خولیای بێ، بگرە، تەواو بۆنی وەڕسی لێدێت و گەیشتۆتە ترۆپکی تۆران.

* لەدیاردە تاڵەکانی ئەم سەردەمە وەیشوومە، پچڕانی مانا قووڵەکانی رەوشتی کۆمەڵایەتییە، بەلاوەنانی حورمەت و سیما رەسەنەکانە، خیانەت و قۆڵ بڕین و لەخشتەبردنی مرۆڤە، سەردەمی راپۆرت و حەزە نێرگزیەکانە، کەمرۆڤی گەیاندۆتە ئاستی ئەوەی کە لەتۆڵەسەندنەوەدا، لاسایی دڕندە بکاتەوەو لەمەشدا بێ باک بێ لە ئاست لەدەستدانی هەموو شتێک و ئەو بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیانە بخاتە ژێرپێ.

* ئەسەف بۆ رۆژگارێک کە هەناسەیەک نەما بۆ مومارەسەی بەختەوەرییەکانی مرۆڤ و خەونەکانی، چونکە ئەو سەردەمە هەموو شتێکی راماڵی، لەوانەش مومارەسەی بەختەوەرییەکانی مرۆڤ کە لە ئاوابووندایەو رۆژبەڕۆژ پانتاییەکانی خۆشەویستی لە «سەردەمی رووڕەشی» کاڵ دەبنەوە و هەردێ کاڵتر دەبێتەوە!!

*** ناوونیشانی درامایەکی نوێیە لە MBC**

# چۆن دەڕوانینە بڕیاری حوکمڕانی شەفاف؟

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوێکی تازەدا دەستپێشخەری حوکمڕانی دروست و شەفافی پەسندکرد، بەگوێری ئەم دەستپێشخەرییە سەرجەم وەزیرو خاوەن پلە تایبەتییەکان سامانی خۆیان بۆ لایەنی پەیوەندیار دەخەنەڕوو. دەرچوونی ئەم بڕیارە، لەلایەن وەزیرو ئەندام پەرلەمان و چاودێرانی سیاسی و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕووناکبیران بە گرنگ دەزاندرێ وپێیان وایە پڕۆژە بڕیاری حکومڕانی تەندروستی و شەفاف هەنگاوێکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.**

ئامادەکردنی/هێمن محەمەد فۆتۆ/ فازل فەرامۆش

## 2-2



د.سەروەر عەبدولڕەحمان



ئازاد حەمەد ئەمین

**د.سەروەر عەبدولڕەحمان بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوونی بڕیارێک بۆ خستنەڕووی سەروەت و سامانی بەرپرسانی پلەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەگرنگ دەزانێت و دەڵێت:** ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەرەنگاربوونەوەیە دژ بە گەندەڵی و یەکێکە لەدروشم و ئامانجە سەرەکییەکانی لیستی کوردستانی لە هەڵمەتی بانگەشەکردندا بۆ هەڵبژاردنەکان، ناوبراو ئاماژەی بە لیژنەی نەزاهە کرد و گوتی: ئەم لیژنەیە تازەیە و لە (١٠) ئەندام پێکدێ و نوێنەرانی زۆربەی زۆری لیست و قەوارەکانی ناو پەرلەمانی تێدایە بەبێ جیاوازی پڕۆژە یاسای دەستەی نەزاهە ئامادەکراوە دوای کۆتایی هاتن بەپشووی پەرلەمان ڕاستەوخۆ خوێندنەوەی بۆ دەکرێ.

بڕیاردەری لیژنەی پەرلەمان لەدرێژەی گوتەکانی باسی لەبوونی گەندەڵی کرد و گوتی: جاران وەک حاڵەت باس لەبوونی گەندەڵی دەکرا، بەڵام ئێستا هەندێک کەس پێیوایە بۆتە دیاردە بۆ دەرچوونی بڕیاری حوکمڕانی شەفاف و دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ڕێگرتن لەهەر کاروکردەوەیەکی نایاسایی گوتیشی: بەرلەوەی لیژنەی نەزاهە پێکبهێنرێ دیوانی چاودێری دارایی هەبووە، بەڵام لە سلێمانی دیوانێک و لە هەولێر دیوانێکی دیکە هەیە کە دەبوایە تەنها یەک دیوانی چاودێری دارایی هەبووایە، بۆیە ئێستا کار بۆ یەک دیوانی دارایی دەکرێ لە ڕاستیشدا وا خەریکە دەبێت بەیەک دیوان. لەمیان ڕوونکردنەوەکانیدا دکتۆر سەروەر دەڵێ: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرلەوەی بڕیاری حوکمڕانی شەفاف دەربکات پێشتر بڕیارێکی دیکەی دەرکردبوو گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بە ئاشکراکردنی گەندەڵی لەبڕیارەکەیدا ئاماژە بەوە کرابوو هەرکەسێک گەندەڵییەک ئاشکرا بکات حکومەت هاوکاری دەکات و پاداشتی پێدەدات.

ئەمە بەڵگەنیشانەیەکی گەورەیە بۆ نیازپاکی حکومەت کەخۆی داوا لە هاووڵاتیان دەکات لەهەر شوێنێ کەموکوڕیەکتان بەدیکرد ئاگادارمان بکەنەوە و هاوکارمان بن.

د. سەروەر عەبدولڕەحمان دەڵێت: بەپێی بڕیاری حوکمڕانی شەفاف دەبێ بەرپرسانی حکومەت بەرلەوەی پۆستی باڵا وەربگرن دەبێ سەروەت و سامانی خۆیان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی لەکاتی دەست هەڵگرتن لە پۆستەکەیان بزانرێ ئەو بەرپرسە تاچەند پۆستی حکومی بۆ مەرامی کەسی بەکارهێناوە. بەبۆچوونی بڕیاردەری لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان دەبێ پەلەبکرێ لەجێبەجێکردن و کارکردن بە ئەم بڕیارە لەبەرئەوەی درەنگ وەختە پێویستیمان بەکات و میکانیزم هەیە بۆ چۆنیەتی کارکردن و بەرقەرارکردن بۆئەوەی بەهەموو لایەکمان بتوانین حوکمڕانی شەفاف بهێنینە ئاراوە.

**ئازاد حەمەد ئەمین سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای حوکمڕانی شەفاف بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێ:** ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگە و لە بەرژەوەندی گشتی دایە و دەبێتە هۆکارێکی گرنگیش بۆ رونکاری لەکارەکاندا ئەگەرچی درەنگ وەختە، دەبوایە لەزووەوە کاری بۆ کرابایە، ئێستاش مایەی خۆشحاڵییە لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی نەزاهە دامەزراوە، بەڵام ئەوەی من زانیاریم لەسەر ئەم لیژنەیە هەبێ هێشتا لەسەرەتای کارەکانیدایە و پڕۆژە یاسایەکیان نووسیوە کە ڕەنگە لە کۆتایی پشووی خولی پەرلەماندا خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ بکرێ و دواتر لەسەر ڕێچکەی خۆیدا بڕوات. سەرۆکی لقی هەولێری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان باس لەنەبوونی نەزاهە دەکات لە وڵات کە لە ئەختەبووتێک

دەچێت بۆ هاندانی گەندەڵی. رەنگە کارەکان وەک پێویست بەڕێوەنەچن بەتایبەت لەوڵاتێکدا کە دیموکراسی تێدا بەرقەرارە، لەهەمان کاتیشدا بوونی سەرکەوتنی نەزاهە وەک پڕۆژە پابەستە بە لێهاتوویی ولێزانی و کەفائەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو کارەکان بەڕاشکاوی بکەونە بەرچاو بۆ نموونە دەزانرێ فەرمانبەرێک مانگانە و ساڵانە چەند لە دەوڵەت وەردەگرێ و سامانەکەی خۆی چۆن دەستکەوتووە، ئایا سەروەت و سامانەکەی بەڕێگەی یاسایی و شەرعی زیادیکردوە، یاخود بەڕێگای نایاسایی؟ ئەگەر زیادکردنەکە یاسایی نەبوو پێیدەڵێین لەکوێت هێنا؟ ئەم پڕۆژەیە دەبێتە بنەمایەک بۆ خستنەڕووی راستییەکان ئەوکاتە خەڵکان دەزانن سیستەمی دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی دروست دامەزراوە، دڵنیاین لەوەی داهاتی دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی راست و دروست دابەش دەبێ، بەم شێوەیە گەندەڵی بنبڕ دەکرێ و ئاسەواری نامێنێ. گیروگرفتی زۆری دیکە بۆ زیادکردنی سامان بەهەمان شێوە بوونی هەیە بەڕێگەی نەزاهەتەوە دەتوانرێ زۆرێک لە گیروگرفتەکان چارەسەربکرێت بۆ نموونە دەوڵەمەندبوونی زۆر کەس بەڕێگەی نووسراوێک بۆ فەرمانگەی تاپۆ دەزانرێ ئەو خەڵکانە چییان هەیە و چۆن دەستیان کەوتووە، پێموایە نەزاهە ئەرکی سەرشانی قورس دەبێت و پرۆسەکە کارەکەی گران دەبێت، رەنگە پەرلەمانتارەکان تووشی گرفت و ماندووبوون ببن، بەڵام من زۆر گەشبینم بەوەی ئاسۆیەکی روونی لێدەکەوێتەوە، دەبوایە زووتر کار بۆ شەفافیەت کرابایە، ئەگەرچی بەرلەوەی بەغداد کار بۆ نەزاهەت بکات لە کوردستان زووتر قسە و باس لەسەر ئەم پڕۆژەیە کراوە هەوڵ و تەقەلا هەبووە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە تەحەدیياتی قورس و گەورە هەبووە، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانیوە وەک پێویست سەرکەوتن لەم پڕۆژەیە بە دەستبهێنێ بەتایبەت سەبارەت بەو کێشانەی پەیوەندی بەوڵاتانی دەوروبەرەوە هەبووە. لەدوا وتەیدا دەڵێ: کارکردن بۆ بەرۆنی ئەنجامدانی کارەکان و نەزاهەت پیرۆزە، بەڵام کارێکی ئاسان نییە تەنانەت وڵاتانی گەورەی جیهانیش ئاستەنگیان پێوە بینیوە لەوانە ئەمریکا ئێستاش کە باس لە نەزاهەت دەکرێ ئەو مانایە دەگەیەنێ وڵات سەقامگیری سیاسی وەرگرتووە.

# لارمی مناڵەکە



شێرزاد هەینی -ستۆکهۆلم

ئەو منداڵانەی لە وڵاتانی ئەورووپی لەدایک دەبن، یان ئەوانەی لێرە گەورە دەبن، زۆر ئاکارو جوولەو زانیارییان لەگەڵ ئێمەی گەورە جیاوازترە، ئەوەی ئەوان لە پۆلەکانی یەک و دووی سەرەتایی فێریدەبن زۆرترە لەوەی ئێمە لە مێردمنداڵی و لە هەرزەکاریش فێری بووین، هەندێکمان هێشتا هەر فێری نەبووین، سیستەمی خوێندنەکەیان و شێوازەکانی پەروەردەو زانیاریی فێرکەرە مامۆستاکانیان زۆر جیاوازە، ئەوان لەو تەمەنە شارەزاییان زۆرە. مامۆستاکانیان دونیا گەڕاون، بیناکان و کەرەستەکانیان زۆر شیاوو گونجاون، پرۆگرامەکانیان کاری زۆری لەسەر کراوە، دوورە لە سیاسەت و ململانێ، وێنەی پاشاو شاژن و سەرۆکیان لە ژوورەکاندا هەڵنەواسیوە، لەکاتی فێرکردندا دارکاری نەکراون، قسەیان نەشکاوە، داواکانیان رەتنەکراوەتەوەو هەموو جۆرە خواردنێکیان بۆ سازدەکەن و میوەیان دەدەنێ، یاری زۆریان لەگەڵدا دەکەن، گۆرانییان بۆ دەچڕن، موزیکیان بە دەنگی بەرز بۆ لێدەدەن، سەمایان فێردەکەن، فێریان دەکەن بەسەر شاخی دەستکرد بکەون، دەزانن بە باشی مەلەوانی بکەن، ناوی شاکانی گۆرانی پۆپ دەزانن، ناوی فیلمە نوێیەکانی سینەما دەزانن.

لەبەرئەوەی یەکێک لە خوێندکارە منداڵەکان و لەتەمەنی هەشتساڵیدا نەخۆشی دیابیتسی هەبوو، مامۆستاکە هەموو خوێندکارەکانی پۆلەکەی فێرکردبوو نەخۆشی دیابیتس نیشانەکانی چین، مادەی پزیشکی ئەنسۆلین بە چەند رێگاو شێوە بە نەخۆشیی شەکرە دەدرێت، مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییە چییە؟ ئەوەی زۆرتر نەخۆش بێت و چارەسەری وەرنەگرێت، کاردانەوەی خراپی لەسەر کام ئەندامی لەشدا دەبێ؟ ئەوانەیان فێردەکەن، ئەوان دەزانن بۆچی شەکرە کار لە چاو و لە گورچیلە دەکات، ئەو منداڵە فێرکراوە ئەوەی نەخۆشی شەکرەی هەبێت چ جۆرە خواردەمەنییەک بەسوودە، ئەوانە بۆیان نییە کام خواردن هەرگیز نەخۆن، ئەو منداڵە بینیویەتی منداڵە نەخۆشەکەی پۆلەکەیان چۆن مامۆستاکە ئاگاداری ئەوەو بەوردی چاوی لەسەرە، خواردنەکانی ئەو لەناو هەموو ئەوانی تر جیاوازە، لە مەتبەخەکەی قوتابخانەکە چێشتلێنەرەکان دەزانن منداڵێکی تووشبوونە شەکرەیان هەیە، ئەوان ئەو دەناسن، منداڵەکەش دەزانێت مەنجەڵی ئەوو مەنجەڵی موسڵمانەکان و مەنجەڵی ئەوانەی حەساسییەیان هەیە کامەیە، ئەوانەی جۆرە خواردەمەنییەکیان لێ قەدەغەیە هەیە تایبەتییە.

ئەو مامۆستایەش باش خەسڵەت و نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە دەزانێت، ئەو زوو ئاگادار کراوەتەوە کەوا منداڵێکی نەخۆشییان هەیە، ئەو دەزانێ و دایک وباوکیشی دەزانێت منداڵەکەیان چارەسەری چییەو چ جۆرە دەرمانێک وەربگرێت.

منداڵە تەمەن هەشت ساڵییەکە ئەوەی لە پۆلی دووەمی بنەڕەتییە، ناوی پایتەختی زۆر لە وڵاتەکانی دونیا دەزانێت، ناوی هەرێمەکان و پارێزگاکان و رووبارەکان دەزانێت، ئەو منداڵە لەکاتی نان خواردندا بەنەرمی و بەشەرمەوە دەڵێت، دەستخۆش و سوپاس بۆ نانە خۆشەکەت. ئەو منداڵەکە مامۆستاکەی بەقەد دایکی خۆشدەوێت، وادەزانێت قوتابخانەکە ماڵی خۆیانەو بگرە زیاتریشە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک نایەوێت دیوارو پەنجەرەکان پیس بکات، یەک قەڵەمی پۆلەکەیان ناهێنێتەوە، دەست لە پەلکە دارێکی باخچەکە نادات، گڵۆپە زیادەکانی ژوورەکان دەکوژێنێتەوە، ئەو منداڵە بە باوکی وت، باوکە من دەزانم چۆن رێژەی شەکری خوێنت بپێوم، من دەزانم ئەو دەرزییە چۆن بەکاردێت، چونکە مامۆستاکەمان فێری کردووین.

## کەمال مەزهەر دڵی خۆی بۆ ( کوردستان ) دەکاتەوەو

# ئاوڕێک لەمێژووە دەداتەوە

## 6

**دیمانە: زانیار سەردار قڕگەیی**

*** لەنووسینەکانتدا بۆچی زیاتر بایەخت بە عێراق داوە، یا بابڵێین کە لە عێراقەوە سەیری کێشەی کورد دەکەیت، بۆ نموونە (٦تا٧) کتێبت لەسەر چین و توێژەکانی عێراق هەیە؟ دەڵێن تا لە بەغدا بووی دیدێکی دیکەت بۆ کورد هەبووە؟**

– ئێمە بمانەوێ نەمانەوێ چارەنووسمان وایە بەشێکین لەدەوڵەتی عێراق، من هەمیشە بە پەرۆشبووم بۆ (برایەتی کورد و عەرەب) زانیومەو دڵنیابووم لەوەی کە ئەو برایەتییە دەبێ بە دڵسۆزی پەروەردە بکرێ، چونکە ئەنجامەکانی زۆر باش دەبێ.. ئێمە نابێت بە دیدی توندڕەوانی عەرەبەوە سەیری برایەتی کوردو عەرەب بکەین. جا لەبەر ئەوە، وێڕای ئەوە من کە لەساڵی ١٩٧٠ دا گەڕاومەتەوە عێراق گەلێک لە بەڵگەنامەکان لەئەرشیف و کتێبخانە عێراقییەکاندا دەستم کەوتوون، بۆیە زیاتر پەیڕەوی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کوردم کردووە لە عێراقدا، بەڵام بێئەوەی لایەنەکانی دیکەش پشتگوێبخەم، منیش لە هەمانکاتدا بەرهەمم دەربارەی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە کوردستانی تورکیا بەبەراورد لەگەڵ کۆماری کوردستان لە مهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا کەم نییە..

*** د. کەمال لە بواری مێژوودا زۆر شارەزایە، ئەم شارەزاییەت بۆکوێ و بۆچی و بۆکێ دەگەڕێتەوە؟ یا هاندەری سەرەکیت کێ بووە؟**

– وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد هاندەری سەرەکیم ناخ و دەروونی خۆم بووە، شانازیم کردووە کە من هەمیشە کوردم و شانازیم کردووە بەمێژووی کوردەوە، بۆیە ویستوومە کەوا چەندێکی بتوانم شەوو ڕۆژ خەریک بم و تیشک بخەمە سەر لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەکەم، تاکو ئێستا کەتەمەنم (٧٢) ساڵە خەریکی لایەنێکی هەرەگەورەی ژیانی خۆمم و کاتی خۆم تەرخانکردووە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم، کە بیرەوەرییەکانی خۆم شانازییە بۆ نەتەوەی کورد، چونکە وەهاشم ناوناوە: (لەپەراوێزی کوردایەتیدا لەبیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەردا).

*** بۆچی ئەو ناوە؟**

– لەسەر بنەمای ئەو ناو ناونیشانە دەتوانم باسی ڕۆڵی خۆم بکەم و شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە بکەم و شانازیم بەوەوە کردووە کە خوا منی بەکورد دروستکردووە..

*** ئەو بەرهەمەت پێشکەش بەکێ دەکەیت؟**

– پشت بەخوا پێشکەشی شەهلای هاوسەرم کردووە، چونکە شەهلا هاوکارێکی باشم بووەو زۆر لەگەڵمدا بەشەو و بەڕۆژ خەریک بووە بەردەوامیش خۆی ماندوو دەکات بۆ ئەوەی بەرهەمەکانم بە ئەنجام بگەیەنم، قسەیەکم هەیەو دەڵێم: ئەگەر ئەو نەبوایە من نەدەبووم، بۆیە بیرەوەرییەکانی خۆمم پێشکەش بەئەو کردووەو تیایدا دەڵێم: پێشکەشە بەخۆشەویستترین مرۆڤ لە ژیانی کەمال مەزهەردا، شەهلای تاهیر حەیدەری)..



من بۆچارەسەری نەخۆشی چووم بۆ بەریتانیا، کەفتەکاربووم و پەکم کەوتبوو.. نزیکەی هەشت مانگ لەسەر جێگە کەوتبووم، ئینجا بەهەلم زانی و دەستمکرد بەوەی کە کاربکەم لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا، شەهلا لەمن بەپەرۆش تر بوو، خۆی لەبەریتانیا لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ دەوام هەبوو، بەڵام لەبەشی ئەرشیف شەش ڕۆژ دەوام هەبوو، هەمیشە شانازیم بەوەوە کردووە کەمن و شەهلا ڕۆژانە یەکەم کەس بووین کە دەچووینە ژوورەوە و دووایین کەسیش بووین کە دەهاتینە دەرەوە. لەوێدا ڕۆژانە هەموو فایلەکانم وەردەگرت و دەستنیشانم دەکردن، بڵێین حەوت سەد لاپەڕە هەشت سەد لاپەڕەیە، خۆ هەمووی دەربارەی پرسی کورد نییە یان هەر (٨٠٠) لاپەڕەکە بۆمن پێوست نەبوو، زۆریان دووبارە بوون من دەستنیشانم دەکردن بۆ ئەو، ئەویش وێنەی دەگرتن بۆم، بۆیە ئێستا سەدان هەزار بەڵگەنامەی دەگمەنمان هەیە کە دەیخەینە بەردەستی توێژەران بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری لاپەڕە ڕوونەکانی مێژووی نەتەوەی کورد.

*** شەهلاخان هاوکارت بووە چ لە ژیانتدا چ لەکاری ڕۆژانەتدا وەک خۆت ئاماژەی پێدەکەیت، دەتەوێ چی پێ بڵێیت؟**

– خودا یار بێ، دەمەوێت پێی بڵێم زۆر زۆر سوپاست دەکەم، ئێستا کەتۆ لێرەی ئەو خەریکی کێتبخانەکەمە، دەیەوێت بەزووترین کات بیخاتە بەردەستم تاکاری تێدا بکەم.

گەلێک بەڵگەنامەی نهێنی هەیە هی ئەمنی عێراقی کەفشاریان خستۆتە سەرم، کەناردوویانە بەدوامداو من هیچیم وەڵام نەداتەوە ئەو هەموو ئەوانەی بۆ پاراستووم و هەڵیگرتوون من خۆم لەو ڕووەوە کەمتەرخەم بووم بەڵام شەهلا هەمووی پاراستوون. ئەوانە هەموویان لەبیرەوەرییەکانمدا ڕەنگدەدەنەوەو، دەقی ئەو بەڵگەنامانە بڵاودەکەمەوە.

*** بۆچی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ نەگەڕایتەوە کوردستان و لەبەغدا مایتەوەو پاش پرۆسەی ئازادی گەڕایتەوە؟ ئایا مژارەکە ئەوەبوو هیوات بەبارودۆخەکە نەبوو؟ یا ڕووداوەکانی پێشووت دەهاتەوە یاد؟ ئایا بارودۆخەکە لەبەغدا لەبارتر بوو بۆ ئێوەی ئەهلی قەڵەمی دوور لەسیاسەت؟**

– من وەک خاوەن خامە لەهەر شوێنێک بم خزمەتەکەی خۆم هەر دەکەم بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردستان ئازادی بەخۆوە بینی، خانووەکەم لەسەر شەهلای هاوسەرم تاپۆکرد، چونکە هەر ئەو خانووەمان هەبوو لەبەغدا، بڕیارماندا کە هەردووکمان بگەڕێینەوە، بۆکوردستان، بەڵام ئەوە بوو شەڕی براکوژی دەستی پێکرد، نەک شەڕی براکوژی، ئەو کوردە کە جوانی ناو ناوە (شەڕی خۆکوژی)، باشەگەر من بگەڕابامەوە چیم بکردایە!! خۆمن نەپارتیم و نەیەکێتیم، من کوردم، شانازی بە پارتیشەوەو بە یەکێتیشەوە دەکەم، ئەگەر لەهەمانکاتیشدا هەر لایەکیان

بکەونە هەڵەوە من رەخنەیان لێ دەگرم، هەرلایەکیان کارێکی چاکە بکەن ستایشیان دەکەم، بەڵام ئەگەر بهاتمایەوەو خۆم بدایەتە پاڵ یەکێتی مانای وایە نیوەی کوردستان دەدۆڕێنم کە پارتین، ئەگەر خۆم بدایەتە پاڵ پارتی بەهەمان شێوە دەبوو، لەبەر ئەوە بوو کەنەهاتمەوە دەنا خۆمان ئامادەکردبوو خانووەکەشمان یەکلاکردبووەوەو خۆمان بۆ گەڕانەوە سازکردبوو، خانووەکەم بۆیە لەسەر شەهلا تاپۆکرد، چونکە ئەگەر لەسەرخۆم بوایە دەستی بەسەردادەگیرا، بەڵام لەسەر ئەو بوایە نەدەبوو، کە شەڕی خۆکوژی دەستی پێکرد ئیتر نەهاتمەوە کوردستان. هۆکارەکە ئەوەبوو.

ئەوە نەبوو کە من بێ ئومێدبووم لە راپەڕین، چونکە دەمزانی کە دوارۆژی کورد هەر رووناکەو رەهبەرانی کورد بە ئاگادێنەوە لەو هەڵانەی کە تێی کەوتوون و هەمووی چارەسەر دەکەم.

*** ئەی بارودۆخەکە لە بەغدا بۆ ئێوەی ئەهلی قەڵەم ئارامترو لەبارتر نەبوو بۆ نووسین؟**

– نەبەخوا، بەخوا هەمیشە لەژێر چاودێریدا بوویمە، خەڵکانێک بەردەوام پاسەوانیان دەکردم، ئەوانەی پاسەوانیان دەکردم ژمارەیەک لە قوتابییە بەعسییەکانم بووون، وەک: د. تاهیر بکا، د. موناف شوکر، د. عەبدوڵڵا شاوی و...هتد.. ئەوانە پاسەوانییان لە من دەکردو بە رادەیەک خۆشیان دەویستم جاری وا هەبووە تا کاتژمێر ١١ و ١٢ی شەو کەچەند ئۆتۆمبێلیان دانابوو چاودێرییان دەکردم، د. عەبدولکەریم درواسێمان بوو ئەو سەرنجی راکێشام و گوتی: چاودێرییەکی زۆر توند هەیە لەسەر ماڵەکەو ئێمە دەزانین ئەو چاودێرییە لەسەر تۆیە، گوتم: من هیچ شتێکی ئەوتۆم نییە تاکو گومان لەخۆم بکەم، تا کارگەیشتە ئەو ئاستەی کە لە بانەوە خەڵک بنێرن و چاودێریم بکەن و گوێبگرن تا بزانن لە ماڵەکەمدا چی روودەدات، ئەوانە هەمووی لە بیرەوەرییەکانی خۆمدا.. بە دوورودرێژی باسیان دەکەم، بەشانازییەوە تۆماریان دەکەم.

*** بەڕای دکتۆر سەرچاوەکانی مێژوو کامانەن، ئەو سەرچاوانەی کە کورد پشتی پێببەستێ و کاریان تێدا بکات، یا قوتابی و مامۆستایان و توێژەری کورد کاری لەسەر بکەن و بیانکەن بە بنەمایەک بۆ نووسینەکانی خۆیان؟**

– من لە بەرنامە توێژینەوەییەکاندا هەمیشە بە قوتابییەکانم گوتووە: کە بەڵگەنامە یەکەم سەرچاوەیە، بیرەوەری سەرچاوەی دووەمە، ئەوانە سەرچاوەی رەسەنن، رۆژنامەو گۆڤارو ئەو شتانە دەبێ بەدوایاندا بگەڕێین، بەڵام دەبێ مێژوونووس ئاگای لەخۆی بێت، چونکە تەنانەت لەوانەیە بەڵگەنامەش هەبێ و هەر بکەوێتە هەڵەوە، دەبێ مێژوونووسی دڵسۆز میری سەرچاوەکانی خۆی بێت، نەک ببێت بە کۆیلە بەدەست سەرچاوەکانییەوە، من هەمیشە ئەو قسانە بە قوتابییەکانی خۆم دەڵێم و ئەوەش یەکێکە لە هۆکارو نهێنییەکانی سەرکەوتنی گشت ئەو قوتابییانەی کە من سەرپەرشتی نامەکانی ماستەرو دکتۆرایانم کردووە.

*** پێتوایە تا چ رادەیەک غەدر لە مێژووی کوردو ناوچەکە کراوە؟ یا لەلایەن کێوە بێویژدانیی ئەنجامدراوە دەرهەق بە میللەتی کورد؟**

– سەددام حوسێن و نەتەوە پەرستانی عەرەب و نەتەوە پەرستانی تورک و نەتەوە پەرستانی فارس و گشت ئەوانە زوڵمیان لە مێژووی نەتەوەی کورد کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسی تورکی ئەوتۆ هەڵکەوتووە وەک: عەزیز نەسین و یەشار کەمال کە لەسەر رەوایی مێژووی کورد ساڵەهای ساڵ چوونەتە بەندیخانەوە.

بەڵام رەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەوپێش دەڕوات و ئێستا رۆژگارێکی رووناک دەستیپێکردووە ئەوەی کە دەیبینین ئێستاکە لە تورکیا رەهبەرانی تورک (عەبدوڵڵا گوبل، ئەردۆغان) بایەخدەدەن بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد.

# سێ ئەجێندای کورد لە بەغدا

چەند رۆژی تر دواین چارەنووسی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرا دەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کورد لەناو ئەو پرۆسەیەدا شوێنی چییەو چی دەکات؟

لەپەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا لەداهاتوودا دووخاڵی گرنگ و تایبەتی هەیە.



ئەنوەر حوسێن (بازگر)

یەکەم: بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد کەزۆر گرنگە. لەکاتێکدا چاوەڕێ دەکرێ ئەم پۆستە بێ کێشە و گرفت نەبێ بەتایبەتی کە سوننەکان خەو بەوەوە دەبینن ئەم پۆستە لەدەست کورد دەربێنن.

بەڵام قەناعەتم وایە ئەم پۆستە بۆ کورد و مام جەلال ئەمجارەش مسۆگەرە، ئەوەش بەو دەلیلەی یەکێتی و پارتی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و چەند هێزی سەرەکی شیعە و بەشێک لەسوننەکان پشتیوانی لەکاندیدکردنەوەی تاڵەبانی دەکەن. بەڵام لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە زۆرینە دەتوانێ ئەوە بیرێنێتەوە کێ دەبێتە سەرۆک کۆمار.

لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیا، بێ سێ و دوو پشتیوانی لەکاندیدکردنەوەی تاڵەبانی دەکەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار.

دووەم: کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداد و هەرێم دەبێ دوای هەڵبژاردنەکان چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، کێشەکانی (نەوت و گاز، پێشمەرگە، بودجە، دەستوور، ماددەی ١٤٠...)

لەم بارەیەشەوە دوو رەهەند هەیە.

یەکێکیان ئەوەیە، جگە لەکەرکوک و ماددەی ١٤٠ کێشەکانی تر چارەسەر بکرێن و ١٤٠ بخرێتە دوای قەیرانەکانی تر. یان وەکو باس دەکرێ لەئێستاوە هەرێم لەگەڵ لایەنێک رێککەوتن بکات بەپشتیوانی لەپۆستی سەرۆک وەزیران لەبەرامبەر ماددەی ١٤٠.

ئەمەش لەسیاسەتدا ئاساییە، بەڵام کامیان زۆرتر ئەنجامدەدرێ، پەیوەستە بە ئاکام و ئایندەی عێراق و هەڵبژاردنەکانەوە. ئێستا هەر چۆنێک بێ بارودۆخی سیاسی عێراق بەم شێوەیە دەبێ و کورد مامڵەی واقیعی لەگەڵدا بکات. بۆیە دەبێ پێگەو جێگەی سیاسی خۆی بەهێز بکات و بپارێزێ، ئەگەرنا ناتوانێ لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق رووبەڕووی ئەو هەموو گرفتە بێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ سوننەکان.

بۆیە دەبێ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەوە بزانن بەغدا سەنگی مەحەکی کێشەکانە و ناکرێ ململانێیەکانی کوردستان ببرێتە بەغدا لەپێناو دەستکەوتی حزبی. خۆ ئەگەر ئەمە روویدا رەنگە خواستێکی تری هەندێ لایەنی سوننی شۆڤێنی و تیرۆرستیش زۆرتر جێبەجێ بکرێت کەخۆیان لەبۆسە ناوە بۆ ئەگەری قووڵبوونەوەی مەیدانەکانی هێزە سیاسییە کوردییەکان.

جیا لەوانە خاڵێک کە زۆر گرنگە مەسەلەی دیموکراسییە لە عێراقدا کە کورد قوربانی زۆری داوە لەو پێناوەدا، بۆیە زۆر گرنگە کورد چەندە داکۆکی لە و دوو ماددیە دەکات ئەوەندەش داکۆکی لە پرنسیپەکانی دیموکراسی و ماف و ئازادی میدیا و مافی ژنان و ئازادی عەقیدە و بیان بکات، چونکە لێرەوە دەکرێت کورد زۆر لە مافەکانی وەدەستبێنێت.

ئێستا روونە ئەرکی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەبەغدا چییە ئەمجارە بەتایبەتی کە ئەمەریکا (٢٠١٣) پاشەکشە دەکات لەعێراق و رەنگە وڵاتانی ناوچەکە زیاتر دەستبخەنە کاروباری عێراقەوە کە بێگومان لەقازانجی کوردنییە.

# پۆلیسی ئافرەت، نموونەی شارستانییەتە لە کوردستان

**کۆلیژی پۆلیس لە ساڵی ١٩٩٧ەوە کراوەتەوە بەپشتگیری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوەخۆ وەرگرتنی رەگەزی کچ لەم کۆلێژە یەکەم دەستپێشخەری بووە لەسەرانسەری عێراق کە رەگەزی کچ تیایدا لەکۆلیژی پۆلیس دەربچێت، ئەم بیرۆکەیەش بیرۆکەی وەزیری ناوخۆ بوو لە دوای دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کە دواتر هاتە واری پراکتیکەوە.**

**ئا: رەوەند سابیر**

لیوا فەرید سەعید راگری کۆلێژی پۆلیس ئامـاژەی بەگـرنگی ئەو خـولانەکـرد کـە هەر لەساتەوەختی کردنەوەی ئەم کۆلیژەو لە یەکەم خولیدا لەساڵی ٢٠٠١ەوە پۆلیسی ئافرەتی وەرگرتووە.

خولی یەکـەم کـە کـرایەوە لەساڵی ٢٠٠١ بوو بە بەشداری (٦) (کچ) بۆ یەکـەم جاربوو کە رەگەزی کچ بەشداری لە خولێکی لەم جۆرە بکات.

لەسـەرەتادا دیمەنێکی سـەیر بوو لە ناو کـۆمـەڵگای کـوردی کـە ئافـرەت ببـێت بە ئەفسەرو بتوانێت شان بەشانی پیاوان کار بکات، سـەرەتا هاندانی کـچـان لەلایەن باوکانیانەوە هانی ئەم (٦) کـچەیدا بتوانن بێنە ریزی پۆلیسـەوە لەو سـاتەوە تاوەکـو دواخولی ئەم کۆلێژە ژمارەیان گەیشتە(٢٥) ئەفسەری ئافـرەت کە لەساڵی (٢٠٠٩)دوا خـولی ئافـرەتان ئاهەنگی دەرچوونیـان بۆ گـێـڕدرا، هەسـتدەکـەین ساڵ لە دوای ساڵ ژمـارەی ئەوانەی کـە ناویان دەنووسن روو لە زیادبوونە، تاوەکـو ٢٠٠٩ ژمـارەی ئەو کـچانەی پلەی ئەفسـەریان پێبەخشراوە لەم کۆلێژە (١١٦) کچ بووە، بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سـەرەتای دروسـتبـوونی ئەم کـۆلێـژە تاوەکـو ئەمـرۆ (١٥٦٨) قـوتابی دەرچووەو پلەی ئەفسەریان پێبەخشراوە کە (١١٦)یان ئافرەتی پۆلیس بوونە.

مـەرجـەکـانی وەرگـرتنی رەگـەزی کچ لەم کـۆلێـژەدا وەک رەگـەزی نێـر وایە هیچ جیاوازییەک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێت کچ بێت و شـووی نەکـردبێت لەبەر ئاستەنگەکانی مەشق و راهێنان هەروەها لەو مـەرجـانە دەبێت دەرچووی پەیمانگابێت یان دەرچووی کـۆلێـژبێت، سـاڵێک لە کـۆلێـژی پۆلیس دەخـوێنن ئینجـا پلەی ئەفـسـەریی وەردەگرن دوای ئەویش بەپێی پێویستییەکانی وەزارەتی ناوخۆ دابەشدەکرێن.

بەبۆچوونی لیـوا فـەرید دەرچووانی رەگـەزی کچ وەک ئەفـسـەری پۆلیس سـوودمـەندی زیاتریان لێـچـاوەڕێ دەکـرێت لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتیان نەرمونیانترە لە رەگەزی نێر، هەروەها کۆمەڵگەش زیاتر شەرمیان لێدەکەن و هیچ کـێـشـەیەکـیش نانێنەوە، لە رووی پرۆگرامی خوێندنەوە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێـوان هەردوو رەگـەزو خـەرجـیـەکـانیش هەمووی لەسەر کۆلێژە.

ئەو مـامـۆسـتـایانەی کـە وانە دەڵێنەوە هەمـوویان مـامـۆسـتـای زانکۆن، بۆ سـەرپەرشـتـیـاری قـوتابیـیـانی کـچـیش ئەفسەرێکی ئافرەتمان داناوە.

ئێـسـتـا خـەریکی کـردنەوەی خـولێکی تایبەتین بۆ کۆمێسەرە کچەکان لە دەرچووانی پۆلی شەش لە خولەکەدا بۆ مـاوەی نزیکەی سـاڵێک دەخـوێنن، کـردنەوەی خـولی لەم جۆرەش بۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـتی رۆشنبـیری ئەفـسـەرانە یان کـۆمـێـسـەرانە. تاوەکـو هەڵسـوکـەوتی گـونجـاو لەگـەڵ خـەڵکی ناو کۆمەڵگەدا بکەن.

مـلازم (هەتاو) وەک ئەفـسـەرێک کـاری سەرپەرشتی قوتابییانی کچ بەڕێوە دەبات:

هەتاو ئارەزوومـەندانە ئەم پیـشـەیەی هەڵبـژاردووەو کەسوکاریش رێگر نەبووینە لە بەردەم وەرگرتنی بۆ نێو ئەم پیشەیەو پێیوایە لە توانایدایە شـان بەشـانی پیـاوان کـارو ئەرکەکانی راپەڕێنێت. هەستدەکەین کۆمەڵگە رۆژ دوای رۆژ بە چاوێکی جیاوازتر لە جاران سـەیریان دەکـات واتا ئاسـتی رۆشنبـیـری کـۆمەڵگەش زیاتر بەرەوپێش دەچێت بۆ زیاتر ئاشنابوونیان بە پۆلیسی ئافرەت.

مـلازم (فـلامـینا وەحـیـد): ئەفـسـەر لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیـژی دژ بە ئافـرەتان، رای خـۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: ئەمـە خـەونی منداڵیم بوو و هەردەم واهەسـتدەکـەم کـە ئەو وزەو ئەو هێـزەی کـە لە ئافـرەتدا هەیە هیچ جیـاوازییـەکی نییە لەگـەڵ ئەو هێزەی کـە لە رەگەزی نێردا هەیە، بەتایبەتی لە ئەفسەرانی پۆلیس کـە پێـموایە لە زۆر رووەوە ئافـرەت نەرمـونیـانتـرە، ئەمـە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە پێـموایە ئافـرەتی پۆلیس دەتوانێت بەرگـری لە مـافـەکـانی خـۆی بکات، من لە (٢٠٠٦/٧/١٤)ەوە پلەی ئەفـسـەریم پێبـەخشـراوە تا ئێـسـتـا هیچ جیـاوازییـەک نابینم لە نێـوان هەردوو رەگـەزەوە من چەندین کاری جیاوازم ئەنجامداوە، تاوەکو ئەمرۆ داوا لەو ئافـرەتانە دەکـەم کـە ئەم لێـهـاتوویـیـە لە خۆیان رادەبینن دەتوانن بێنە نێو ریزی پۆلیس وەک هەر تاکێک لە نێو هێزەکانی ناوخۆ.

(ئەڤین کـەمـال) وەک پۆلـیـس لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیـژی دژ


لیوا فەرید


ملازم هەتاو


زەهرا


ملازم فلامین



حەلیمە

بە ئافرەتان کاردەکات هەست بەخۆشحاڵییەکی زۆر دەکات و هاوسەرەکەشی لەگەڵدایە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، وەک خێزانێکی جوانکیلەش ئیشوکارەکانیان رادەپەڕێنن و پیشەکەیان زۆر لا پیرۆزە.

هەروەها خاتوو زەهرا وەک پۆلیسێک پێیوابوو دەتوانێت خزمەتی هاوڕەگەزەکەی بکات و باوکیشی هاندەری سەرەکی بووە بۆ هاتنی بۆ نێو ئەم پیشەیە



ئەڤین کەماڵ

هەروەها گوتی: جاری یەکەم کە هاتمە نێو ئەم ریزە وەک بڵێی پیشەکە نامۆ بوو لای خەڵک، بەڵام ئێستا رۆژ بە رۆژ خەڵک بە چاوێکی ئاسایی سەیری پیشەکە دەکات..

خاتوو (بەناز) دەڵێ: ماوەی (٢) ساڵە لەم پیشەیەدام و هاوڕێیەکانم هاندەدەم بێنە نێویەوە، چونکە پێموایە پیشەکە زۆر پیرۆزەو توانا شاراوەکانی ئافرەت دەردەکات، خۆشم وەک پۆلیسێک زۆر هەست بە ئارامی دەکەم کە ئەم پیشەیەم هەڵبژاردووە.



بەناز

خاتوو (حەلیمە رەزا) خاوەن پلەی رێپێدراو پێیوایە هاتن بۆ نێو ئەم جیهانە، جیهانی خزمەتکردن لە کەرتی پۆلیس حەزو ویستێکم بوو کە هەر لە منداڵییەوە خولیای بووم ئێستا ماوەی (١٣) مانگ و نیوە لەم کارە دام تاکو ئێستا هیچ کێشەیەک لەبەردەمم نەوەستاوە لە کارەکەمدا.

بێ رتووش

# پەنجەو لووت!!



بەهات حەسیب قەرەداخی

(ئێتیکێت) یان کورد وتەنی ئوسوڵ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ،کارێکی زۆر پێویستە . من هاوڕێیەکم هەبوو هەموو جارێ دەیوت : وەڵڵاهی هەندێ کەس ئەوەندە بە ئوسوڵن، ئەگەر تێشم هەڵدا، پێم قبووڵە! کەچی هەندێکی تریش هەن ئەوەندە بێ ئوسوڵن کە سەلامیشم لێدەکەن، پێی قەڵس دەبم !

هەڵبەتە ئەمەی من لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم دوورە لە بواری ژیانی رۆژانە و پەیوەندییە شەخسییەکانەوە، بەڵام زۆر پەیوەندیدارە بە ژیانی گشتی و رێسا و بنەماکانی پرۆتۆکۆڵی بەرچاوی کامێراکانی تیڤی و رۆژنامەوانانەوە ... ئەمەی من دەمەوێ بۆ یەکەمین جار وەک سەرنجێکی بێ رتووش باسی لێوە بکەم بریتییە لە ئێتیکێتی هەڵسوکەوت وگوفتار و رەفتاری هەندێ پەرلەمانتار و وەزیر و کاربەدەست و کەسایەتییە حکومی و حیزبی و رێکخراوەییەکان بە کەرتی تایبەتیشەوە.کەسانێک هەن لە هەر پلەو پایەیەکی گشتیدا بن، هەموو خووە شەخسییەکانی ناو ماڵی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە جێ و رێی کاری رۆژانەو فەرمییان. چەندین جار لەبەرچاوی میوان و کامیراکاندا خوو و نەریتەکانی ناو ماڵی خۆیان دەنوێننەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە کاردانەوەی خراپ و نەنگیی ئەو کردار و گوفتارانەی خۆیان بکەن، لەو ستافی کارەیش کە لەدەوریانن و لەگەڵیاندان، کەسێکیان نییە سەرنجیان بۆ ئەو کەموکورتییانە راکێشێ! جا چ بەهۆی ئەوەبێ کە رەنگە ئەوانیش هیچی لێنەزانن! یان بەهۆی ئەوە بێ کە توند دەستیان گرتووە بە کڵاوەکانیانەوە "با نەیانبا !با لە ئەندام پەرلەمانەکانی وڵاتی: (زۆر کوڕی چاکە) و سەرنج بدەین، بەندە تا ئێستا چەندین جار ئەم دیمەنە دزێو و نابەجێیانەم لە شاشەکانی تیڤیی ئەو (چاکستانەوە) بینیوە:

(کاک یان دادەی هەندێ پەرلەمانتێر، چاک دەزانێ کامێرای لەسەرە، (چونکە برادەرەکەی تەنیشتی یان پشتی قسەدەکاو زوومی کامێرا دەیگوازێتەوە بۆ ناو ماڵیان) کەچی بێ گوێدانە هیچ نەریت و ئیتیکێتێک :

١ ـ خێرا خێرا پەنجەدەکا بە ناو لوتیدا و هەموو جارێکش کە دەریدیێنێتەوە لێی وردەبێتەوە بزانێ داهات و حاصلاتی چەند بووە لەو هەڵمەتەدا ؟!!

٢ ـ خێرا خێرا ئاوڕ دەداتەوە بۆ ریزی دواوە و لەگەڵ پەرلەمانتارێکی تردا چرپە چرپیانە و جارجار بۆ رازاندنەوەی (کادری کامێراکان !) دەمێکیش پان دەکاتەوە و دەستێ دەگرێ بە دەم و لووتیەوە! هەر کە دەستی بەر کونە لووتی دەکەوێ، ئیتر بیری دەکەوێتەوە پەنجەیەکیش لەناو لووتە نازدارەکەی رۆبکاتەوە!

٣ ـ بەجۆرێ دادەنیشێ و پاڵی لێدەداتەوە، دەڵێی لە ماڵی خۆیەتی و ئەوپەڕی ئیسراحەت وەردەگرێ! سەیری سەقفەکە دەکات! باوێشکێکی وادەدا خەریکە چەناگەی لە گرێژنە دەربچێ! بۆینباخەکەی بەلایەکداو ورگیشی بەولادا شۆڕدەبێتەوە! جار جارێکیش پشتی ملی بەجۆرێ دەخورێنێ، وەک بڵێی تۆڵەی لێدەکاتەوە! ئینجا توند توند هەردوو چاوی هەڵدەگلۆفێ و پەنجەیەکی بەر لووتی دەکەوێت و هەمدیس شۆڤڵی پەنجەی بۆ دەخاتەوە کار! پاشی کەمێ لەگەرمەی موناقەشەدا دەستێ هەڵدەبڕێ و دەچێتە دەرێ بۆ زیارەتی رێکخراوی (W.C) ی جیهانی!

راستە هەموو ئەو رەفتارانە رەفتاری مرۆڤن، نە تاوانن، نە خەوشێکی زۆر گەورەن، وەلێ شیاوی بەر زوومی کامێراو شوێنی گشتی نین! ئەگەرچی دەشزانم ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانە هیچ لە بەها و قورسایی شەخسیەتی ئەو بەڕێزانە کەمناکاتەوە، بەڵام خۆ زۆر ئاسانە هەریەکەیان خۆی رابێنێ یان رابهێنرێن لەسەر چۆنێتی دانیشتن و هەڵسوکەوت لەو جێگە گشتی و فەرمیانەی کە هەم چاوی خەڵک و هەم چاوی کامێراکانیشیان لەسەرە .

منیش دڵنیام، هەم کەس ئەم قسانەی من ناباتە سەرخۆی، کەچی لەهەمان کاتیشدا بە دەیان پەرلەمانتاری وڵاتی کورەچاکەکانم، لێ زیز دەکا .. بەڵام بەسەری هاوڕێیەتیمان، هیچم لەگیرفانی خۆمەوە دەرنەهێناوە! ئەوانە چەند دیمەنێکی بێ رتووش و بی مۆنتاژبوون و هیچی ترا!

کوردو ئینگلیز

22

# "دەخوێنمەوە .. ناخوێنمەوە"



لاوەند نەوزاد

لەولآتی ئێمەدا ئەو کەسانەی رۆژنامەو گۆڤارو کتێب دەخوێننەوە کەمینەن، کەچی لە ئەوروپا خوێنەری رۆژنامەو کتێب زۆرینەن.

واتە ئەگەر خوێنەرانی کورد خۆیان لە هەڵبژاردندا بپاڵێون و ئەوانەی ناشخوێننەوە کە زۆرینەن دەنگ بدەن لەوانەیە خوێنەران لە هەڵبژاردنەکەدا دەرنەچن چونکە دەخوێننەوە! ئینشاڵڵا وانییە.

لەئەوروپا هەموو کەسی دەخوێنێتەوە، بەتایبەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان زۆر دەخوێنرێنەوە کە نرخیان لەچاو نرخی رۆژنامەو گۆڤارەکانی لای خۆمان زۆر هەرزانەو پڕن لە بابەتی سەرنج راکێش و گرنگ.

پێم وایە هۆکاری نەخوێندنەوەی رۆژنامە لە ولآتی ئێمەدا، جگە لە بەرزیی رێژەی نەخوێندەواری، بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم: تا ئێستا خوێندنەوە لای ئێمە نەبووە بەکەلتوورو زۆربەی خەڵکی رانەهاتوون لەسەری.

دووەم: بەشی زۆری رۆژنامەکانمان بابەتی گرنگ و سەرنج راکێشی ئەوتۆی تێدا نییە خەڵکی بەلای خۆیدا رابکێشی. بۆ نموونە بنکەیەکی تەندروستی بچووک لە لادێیەکدا دروست دەکرێت، هەرچی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنە بۆماوەی یەک هەفتە باسی دەکەن و هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، سەد جار دەیدەنەوە بەچاوی خەڵکیدا.. کەچی سەدان کەم و کووڕی و دزی و پارەخواردن و گەندەڵی سیاسی و ئیداری و دارایی هەیە هەر باس ناکری، خۆ ئەگەر رۆژنامەکان باسیشی بکەن، ئەوەندە خۆیان هیلاک ناکەن بەڵگەی پێویستی بۆ بەدەست بێنن.

دوای ئەوەی کە تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا چووە پاڵ ئەمریکاو بەشداری شەڕی عیراقی کرد چەندین رۆژنامەی بریتانی هێرشیان کردە سەرو ناویان نا سەگەکەی جۆرج بوش.

کاریکاتێریستەکان بلێریان کردە سەگ و پەتیان کردە ملی و کەسیش قسەی نەکرد، کەچی لەو عیراقەی ئێمە تێیدا دەژین، رۆژنامەنووس هەردەبی بەسەرکردە بڵێ: تۆ شێریت.. ئاخر شێر لەکوی و سەگ لەکوی؟

رۆژنامەیەکی بریتانی دۆنکان سمیس-ی سەرۆکی پێشووی پارتی پارێزگارانی بەوە تاوانبار کرد کە درۆزنە، بۆیە وێنەکەی دۆنکانی کۆلاج کردو جل و بەرگی محەمەد سەعید سەحافی کردە بەر گوایە وەک ئەو درۆزنە.. واتە کردی بە علوج.

ژنەکەی تۆنی بلێرو کوڕو بوکەکانی شاژن ئیلیزابێس و وەزیرەکان، رۆژانە وتاریان لەسەر دەنوسری و رەخنەیان لێدەگیری، کەچی کەسیان یەک جنێو بە رۆژنامەنووسان نادەن!

رۆژنامەگەریی لەولآتە پێشکەوتووەکاندا پۆلێن کراوە. واتە ئەو کەسەی رۆژنامەی (ئیندپێندنت) دەخوێنێتەوە هەمان ئەو کەسە نییە کە رۆژنامەی (سەن) یان (دەیلی تەلیگراف) دەخوێنێتەوە، چونکە رۆژنامەکانی ئەوی ناسنامەیان هەیە، بەڵام زۆربەی رۆژنامە کوردییەکان بێ ناسنامەن و بەقاچاخ هاتوچۆ دەکەن.

لەخۆرئاوادا رۆژنامە بووە بەبزنس، بۆیە لێرە زۆرکەس وادەزانی رۆژنامەکانی ئەوی قازانج دەکەن چونکە ژمارەیەکی زۆریان لێدەفرۆشری. رۆژنامە هەیە رۆژانە یەک ملیۆنی لێدەفرۆشری بەڵام قازانج ناکات. دەزگا رۆژنامەوانییەکانی ئەوی وەک دوکان و خانوو دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن. چەند ساڵێک لەمەوبەر عەرەبە دەوڵەمەندەکان ویستیان دەزگای رۆژنامەوانی "دەیلی تەلەگراف" بکڕن، کەچی دواتر بەهۆی ئەو زەرەرەی بەردەوام دەزگاکە لێی دەکەوی کەس نەیوێرا بیکڕی!

لەوی لەهەموو شوێنێکدا خەڵکانێکی زۆر دەبینی سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەن. خاتوو رۆلێنگ-ی ژنە نووسەری چیرۆکی هاری پۆتەر لەسەر مووچەی سۆسیال دەژیا ، کەچی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، سەرمایەکەی گەیشتە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن پاوەندو ئێستا لە شاژنی بریتانیا دەوڵەمەندترە! چونکە لەوی خەڵک کتێب دەکڕی و دەخوێنێتەوە، لە کوردستانیش سەیری تیراژی هەر کتێبێک دەکەیت نووسراوە: هەزار دانە. پێشم وانییە تیراژی هیچ رۆژنامەو هەفتەنامەیەکی کوردی بگاتە ٢٥ هەزار دانە.

ئێمە میللەتێکین لەجیاتی رۆژنامە خوێندنەوە قسە دەکەین. لەجیاتی کتێب خوێندنەوەش رۆژانە ١٠ سەعات سەیری تەلەفزیۆن دەکەین. تۆ هیچ رۆژنامەیەکی بریتانی نابینیت هەمووو رۆژی لە لاپەڕە یەکدا وێنەی شاژن و بلێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و خزمان و ریش سپییەکان بڵاو بکاتەوە، یان هەواڵی وەزیرێک بڵاوبکاتەوە کە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکەی خۆیدا کردووە، چونکە رۆژنامە بووە بەبزنس و بەپارەی سەرمایەداران دەردەچی.

Lawandn@yahoo.com



### دوورو نزیک

# ٧ / ئاداری ٢٠١٠ رۆژێکی چارەنووسساز

عەبدولوەهاب عەلی

وابڕیارە ڕۆژی ٧ی ئاداری ٢٠١٠، هەڵبژاردنە گشتییەکان لەسەرئاستی کوردستان وعێراق ئەنجامبدرێت ، بە بۆچوون وشرۆڤەی چاودێرانی سیاسی و بنکەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مەسەلە ستراتیژییەکان کە هەڵبژاردنی ئەم جارە پرۆسەیەکی زۆر هەستیارە و کارتێکردنی گەورە و گرنگی هەیە لەسەر ئێستا و ئایندەی عێراق و کوردستان ، واش مەزندە دەکرێت و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت وچاوەڕوان دەکرێت !! کە نەخشەی سیاسی عێراق بەشێوەیەک لەشێوەکان بگۆڕێت بەتایبەت لە رووی ئەو هاوپەیمانێتییانەوە کەدەبەسترێت ودروستدەکرێت لەنێوان قەوارە سیاسییەکان . کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خودی کابینەی داهاتووی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق لەڕووی شێوە و شێوازی سیاسی وئیدارییەوە. هەروەها چۆنێتی دابەشکردنی کورسی وەزارەتەکان وپۆستە سەروەرییەکانەوە(سیادییەکان ). جگە لەمانەش ئەگەری ئەوە هەیە کە سیستەمی پشکایەتی (محاصصە)ش هەندێ گۆڕان وگۆڕانکاری بەسەربێت وتێیدا ڕوودات ، چونکە هەندێ لەقەوارە سیاسیەکانی عارەبی جۆرە تێکەڵبوونێکی ئەگەر بەڕواڵەتیش بێت کردووە لەسەرئاستی مەزهەبی وحیزبییەوە بۆنموونە: لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات ، پێکهاتووە لە چەندین حیزب وقەوارە ولایەنی سیاسی شیعەو سوننە و لە هەمانکاتیشدا شیعە ،بەهەر دووباڵی ئایینی وعیلمانییەوە کۆبوونەتەوە لەژێر چەتری( عێراقییەدا) هەروەها ئەم حاڵەتە لەناو هەندێ لیست و قەوارەی سیاسی دیکەدا دووبارە بۆتەوە، چونکە عارەبەکان لەناوەندو خوارووی عێراق لەهەوڵی ئەوەدان کە ئەو بۆشایی و کەلێنە گەورەیەی کەوتۆتە نێوان هەردوو مەزهەبی سەرەکی ئیسلامەوە سوننەو شیعە ، کەمی بکەنەوە، یاخود هەرنەیهێڵن ( هەرچەندە زۆر سەخت و گرانە کە وازوو ئەو برینانە سارێژ بکرێن و پەیوەندییەکان بگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران ) ئەمە جگە لەوەی کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق زۆر لە باڵانس و رەوشە سیاسییەکان دەگۆڕێت و ئەگەری ئەوەش هەیە کە پاش کشانەوەی ئەو هێزانە لە هەندێ شوێنی عێراقدا ، نائارامی و پشێوی و کێرڤی کارە تیرۆریستییەکان بەرزبێتەوە بە تایبەت لەلایەن رێکخراوی قاعیدەو ئەنساری سوننەو پاشماوەکانی بەعسەوە ، لەمەش زێتر ئەوەیە کە وڵاتانی هەرێمایەتی پاش کشانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان و ئەمەریکا دەستێوەردانیان زۆرتربێت بەتایبەت ئێران وتورکیاو سعودیەو سوریا ،لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق پێگەو نفوزیان بە هێزتربێت ولەئێستا زێتر بتوانن دەست باڵایی بەدەستبهێنن بەرەوشی سیاسی و زۆر مەسەلەی گرنکی ترەوە!!بۆیە دوای ئەوخوێندنەوە سەرپێییە ڕەوشی عێراق دەتوانین بلێین ئەم هەڵبژاردنە زۆر چارەنووسسازە و بەگشتی کارتێکردنی دەبێت لەسەر نەخشەی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی لەعێراقدا !! بۆ ئێمەی کوردیش بەهەمان رێژەو بگرە زێتر گرنگە،چونکە ئێمەی کورد مەسەلەی زۆرگرنگ وچارەنووسسازمان ماوە لە ڕووی مافە نەتەوایەتییەکانمانەوە،بۆنموونە کێشەی کەرکووک وناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە کرۆکی ململانێ و سەنتەروکلیلی کردنەوەی هەموو گرێ کوێرکانە!کەئەویش خۆی لە مادەی ١٤٠دەبینێتەوە ! هەروەها مەسەلەی سامانە سروشتییەکان بەتایبەت یاساکانی نەوت وغازو مادەکانی ١١١ و ١١٢ و ١٤١ ، دەستووری هەمیشەیی عێراق و جێبەجێکردنیان ، مەسەلەی بودجە و پێشمەرگەو هەروەها مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی هەڵەبجەو هەموو زیان لێکەوتووانی کیمیابارانەکان و شاڵاوەکانی ئەنفال و بریندارو پەککەوتووەکان و زیندانیانی سیاسی و بێسەروشوێنەکان و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و هێنانەوەیان بۆ زێدی خۆیان لە کوردستان ، هەروەها کێشەی (ئاو ) یش کە لە نەوت کەمتر نییە دەبێت لە ئێستاوە کاری لەسەر بکرێت و بەدەستوور و یاسا رێک بخرێت ، جگە لەمانەش تائێستا مەسەلەکانی ئاڵاو سروودی نیشتیمانی عێراق ماوە کە دەبێت پێدابگرین بۆ ئەوەی سمبولی پێکەوە ژیان و شەراکەتی کورد لەم وڵاتەدا دیار بێت و تێیدا بن چەسپ بکرێت ، هەروەها دراوی نوێی عێراق و رەگەزنامەش ودۆکۆمێنتەکانی تر دەبێت نووسینی بەکوردی لەسەر بێت و هەروەها بەپێی دەستووریش دەبێت زمانی کوردی وەک زمانی عارەبی لەسەرتاسەری عێراقدا بە رەسمی بخوێندرێت و بەکاربێت لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کەلتووری ، ئەمانەو لەگەڵ چەندین کێشەو مەسەلەو مافی تر ، کە هێشتا وەدەست نەهاتوون و کارو خەباتی ئاشتییانەو یاساییانەو دەستووریی و جدی و دلسۆزانەییان بۆ بکرێت !بۆیە لەم ڕووانگەیەوە دەتوانین بڵێین و بیسەلمێنین ، کە رۆژی ٧ ی ئادار رۆژی هەڵبژاردنی گشتی ، رۆژێکی چارەنووسسازە بۆ ئێمەی کورد !! بۆیە دەبێت هیچ تاکێکی کوردی و کوردستانی لە ژێر هیچ پاساو و پەلپ و بیانوویەکدا خۆی دوا نەخات یان نەچێت بۆ دەنگدان ، چونکە هەر دەنگێک بۆ ئێمە سەنگەرو مەتەرێسێکی پتەوە بۆ وەدەست هێنان و گەڕاندنەوەی هەموو مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانمان . کەواتە با هەموو جیاوازییەک وەلا بنێین و بەیەک دەنگ و بەیەک هەلوێست بچینە بەغدا و لەوێ ئەسپی خۆمان تاو بدەین !!

# دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی و دۆسیەکانی بەکۆمەڵکوژی کورد

## ٢-٣



هەڤاڵ ڕەحمان

**یەکەم/ دۆسێی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان:**

* دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٥ دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێم پێکهات و دۆسێی ئەنفال بەپێی مادەکانی (١١-١٢-١٣) لە یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ ڕاسپاردەی دادگا کراوە یەکەم دانیشتنی دادگای سەرانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە دادگاییکردنی دۆسیەی ئەنفال لە ٢٠٠٦/٨/٢١ دەستیپێکرد بە سەرۆکایەتی دادوەر (عەبدوڵڵا عامری) دواتر دادوەر (محەمەد عوریبی) ئەرکی سەرۆکایەتی دادگایی دۆسێی ئەنفالی گرتەئەستۆ. هەروەها داواکاری گشتی بریتی بوو لە (مونقیز ئال فیرعەون) :

تاوانبارانی سەرانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە دۆسێی ئەنفال بریتیبوون:

١- تاوانبار سەدام حوسێن سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

٢- نزار خەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق

٣- عەلی حەسەن مەجید بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی ڕووخاو

٤- سوڵتان هاشم ئەحمەد جبوری سەرکردەی شاڵاوەکانی ئەنفال و فەرماندەی فەیلەقی یەک.

٥- سابیر عەبدولعەزیز دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی.

٦- حوسێن ڕەشید تکریتی جێگری سەرۆک سوپا سالاری عێراق.

٧- فەرحان موتلەگ جبوری بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوچەی باکوور.

٨- تاهیر تۆفیق عانی سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور و پارێزگاری موسڵ.

* لە دۆسێی ئەنفالدا (١١٧٥) سکاڵا هەبووە (٦١) دانیشتنی دادگا ئەنجامدرا لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری دا کە کورد لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا جینۆسایدکراوە دواتریش لە ٢٠٠٧/٩/٤ دوای ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە بڕیاری دادگای باڵای پەسندکرد.

**دووەم/ جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان:**

لە ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی سەدام و بەعسییەکان زیاتر لە (٩٠٠٠) نۆ هەزار پیاوانی کوردی فەیلی تەمەن لە نێوان ١٥-٤٠ ساڵ یان دەستگیر کرد دواتر کۆمەڵکوژیکران هەروەها زیاتر لە دوو سەد هەزار کوردی فەیلی لە ژن و پیر و مندال و خانەوادەکانی کوردی فەیلی دانیشتووی بەغدا و (بەدرە) و (جەسان) و (مەندەلی) و (خانەقین) و (عەلی شەرقی) و (عەلی غەربی) و (کوت) و (عیمارە) دەست بە سەر ماڵ و موڵکیان گیراوە بە زۆرەملێ لەسەر سنووری ئێران بەرەڵاکران و ڕەگەزنامەی عێراقییان لێسەندرایەوە تائێستاش کوردە فەیلییەکان بە شێکی زۆریان بێ سەر و شوێنن و بزرن و (جینۆساید)کراون هەروەها بەشێکیان لە ئێران بە ژیانێکی کولەمەرگی دەژین لەو دۆسیەیەدا (٣٤) کەس لە سەرانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس تاوانبارن و (١٦) یان لە قەفەسی دادگان (١٨) تاوانباریش هەڵاتوو و شوێن بزرن.

یەکەم دانشتنی دادگایی ئەم دۆسیەیە لە ٢٠٠٩/١/٢٦ دەستیپێکردوە تا ئێستا (٢٣) دانیشتن بەڕێوەچووە و وتەی (٨٥) سکاڵاکار و شاهێد وەرگیراوە بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە گەڕانەوە . وابڕیارە دانیشتنی داهاتوو لە (٢٠٠٩/٣/٢) بەڕێوەبچێت.

**سێیەم/ جینۆسایدی بارزانییەکان:**

لە دوای ساڵی ١٩٧٦ بە دواوە ڕژێمی سەدام و بەعسییەکان سەرجەم گوندەکانی بارزانیان تێکدا خەڵکەکەش بە زۆرەملێی بۆ باشووری عێراق لە سنووری (ناسرییە و دیوانییە و عفک) جێنشینکران بێ ئەوەی هیچ پێداویستییەکی ژیانیان بۆ دابین بکرێ، بۆیەش لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە ژن و پیر و مندالّ لە خانەوادەی بارزانییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠ گیانیان لە دەستدا.

دواتر ڕژێمی عێراق دووبارە هەڵساوە بە ڕاگواستنەوەی خانەوادەی بارزانییەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکانی (قوشتەپە و قودس و قادسیە و بەحرکە و هەریر و دیانا و مێرگەسۆر) کە دەکەونە سنوری پارێزگای هەولێر لەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانە بارزانییەکان لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بوون پاشان لە ١٩٨٣/٧/٣١ تاوەکو کۆتایی مانگی ١٩٨٣/١٠ ڕژێمی بەعس و سەدام زیاتر لە هەشت هەزار (٨٠٠٠) ڕەگەزی نێری بارزانیانی لە نێوان تەمەنی (١٢) ساڵی تاوەکو (٨٥) ساڵی دەستگیرکرد و دواتر لە بیابانی سەر سنوری (سعودیە) لە ناوچەکانی (ابو الجد) و (الیمە) و (بوسەیە) سەر بە پارێزگای سەماوە دەست بەسەرکران و دواتر زیندە بەچاڵکران تاوەکو ئێستاش بێ سەروشوێنن و تەنها لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا رووفاتی (٥١٣) بارزانی دۆزراوەتەوە ئەو دۆسێیە بەپێی قانونی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ - دادگای باڵای تاوانەکان و بەپێی مادەی (١١)لە بڕگەکانی ( أ- ب- ج- د) ڕەوانەی دادگای باڵای تاوانەکان کراوە. سەرەتا دادوەر (ڕەئوف ڕەشید) سەرۆکایەتی دەکرد دواتر بەهۆی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادوەر (محەمەد عەبدولصاحیب) سەرۆکایەتی گرتەئەستۆ لەو دۆسیەیەدا (١٦٧٠) سکاڵا و (٣٨) شاهێد هەیە یەکەم دانیشتنی دادگا لە ٢٠٠٩/٣/٢ دەستیپێکردووە تا ئێستا دادگا (٢٤) دانیشتنی دادگا بەڕێوەچوە (٣٩) داد خواز (سکاڵاکار) و (شاهێد) لە دادگا وتەیان داوە شاندی دادگای باڵای تاوانەکان سەردانی مەیدانی کۆمەڵگای قوشتەپە (قودس و قادسیە) بەحرکە و هەریر و دیانا و بلێ و بارزانیان کردووە بڕیارە لە ٢٠١٠/٣/٢ دانیشتنی (٢٥) ئەنجام بدرێت.